سەرۆک وەزیران سەرکایەتی کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای نوێکردنەوەی دەزگای حکومەت دەکات

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ دووشەممە سەرکایەتی یەکەم کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای دووبارە پێکهێنانەوەی دەزگای حکومەتی کرد.

نوسینگەی راگەیاندی سەرۆک وەزیران لە بەیاننامەیەکدا باڵاویکردەوە:-لە میانەی کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتانە کرا کە لەچوارچێوەی کارنامەکەدا بوون، و جێخت کرایەوە لەسەر بەردەوامبوون لە ئەو چاکسازییانەی کە لەلایەن حکومەتەوە ئەنجام دەدرێت لە لایەنە ئیداری و دارایی و ئابووریەکاندا بەشێوەیەکی یەکسان، کە یەکێکە لە گرنگترین ئەولەویەتەکانی بەرنامەی حکومەت.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا ئەو تەوانینە دیاری کرا کە حکومەت بەپێی دەست دەکات بە ئەرکی خۆی بە چاکسازی لە دەزگای حکومەت و قەناغەکانی کارکردنی تایبەت بە پرسەی چاکسازی و توژینەوە لە داواکردنی یارمەتی لە کەمپانیایەکی نێودەوڵەتی تایبەتمەند لەم بوارەدا، هەروەها جێخت کرایەوە لەسەر پێکهێنانی تیمێکی بچووک بە لێکۆڵینەوە لەو پێوانەی کە لە کۆبوونەوەی داهاتوودا گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت و بەردەوامبوونی کۆبوونەوەکان لەم بارەیەوە.